
# تەکنەلۆژیا لەخزمەت وەرزشدا

تۆپی پێی لە ریزی گرنگترین یارییە وەرزشییەکان دەژمێردرێ، هیچ یارییەك بەقەد ئەو یارییە بینەری نییە و توانا و ئیمکانیەتی تایبەتی بـۆ دانەندراوە، بەڵام گرفتێك لەو یارییەدا هەیە ئەویش ئەوەیە زۆرجاران هەڵەیەك کە روو دەدات بەهۆی ناوبژیوانیشـەوە دەست نیشان ناکرێ. لەم دواییانەدا تۆپێکی هۆشمەند هاتە بەرهەم کە تۆپەکە دەست نیشـانی تێپەڕینی لە هێڵی دەروازە، ئۆفسايد تێدایە. هەروەها بەهۆی تۆپەکە دەزاندرێ کە گۆڵەکە بە دەسـت لێدراوە یان بە پێی.

تۆپەکە دوو سیسـتەمی GPS و FRID تێدایە و دەتوانی ناوبژیـوان لە هەڵەکان ئاگادار بکاتەوە. فیفا هەمیشـە بەدوای سوود وەرگرتن لە تۆپی هۆشمەند لە یاری مۆندیال دابووە، هیچ دوور نییە ئەم ساڵ لەم تۆپە هۆشمەندە سوود وەربگیرێ.





# چۆنییەتی سڕینەوەی ڤایرۆسی New Folder

ڤایرۆسی New Folder فۆلدەر یەکێك لەو ڤایرۆسانەیە کە بە خێرایيەکی زۆرەوە پەرەدەسێنێ و تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

1- ئەیکۆنەکـەی وەك ئەیکونی فۆلدەرێکی بێ ناو دەچێ. 2- قەبارەکـەی 140 کیلۆبایتە. 3- پـاش کردنەوەی فۆلدەری ڤایرۆسـەکە، ناواخنـی فۆلدەری My Documents نیشـان دەدرێ. 4- ڤایرۆسەکە زۆر خێرایی زیاد دەبێ. 5- فەرمانی Turn OffComputer لەسـەرقائیمەی start دەسـڕێتەوە.

بۆ سڕینەوەی ڤایرۆسەکە لەسـەرەتادا پرۆگرامێکی بچووك هەیە بەنـاوی Kill New Folder لـە ئەنتەرنێت وەربگـرە. دیارە پرۆگرامەکە ناهێڵێ ڤایرۆسەکە تەشەنە بستێنێ، ئەگینا نایسرێتەوە، بەمەبەسـتی سـڕینەوەوەی ڤایرۆسەکە دەبێ لەسـەرەتادا فەرمانی Search دابگری و دەسـتەواژەی New Folder بنووسـی و پاشـان سێرچ بکەی. ئێستاکە گشـت ئەو فایلانە بسڕەوە کە بەو ناوە دۆزراونەتەوە، بەڵام بەهیـچ جۆرێك فایلەکان نەکەیەوە، چونکە زیاد دەبن.



# ئەو لاپتۆپەی لوول دەدرێ

داهێنانی کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ تەنیا بەو مەبەسـتە بوو کە بکرێ کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی بە سوود لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێك بیگوازیەوە، چونکە کۆمپیوتەری جۆری دیسکتۆپ بەهۆی قەوارە و کێشیان ناکرێ وەك پێویست لە شوێنی خۆیان بگوازرێنـەوە و لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شـ[redacted]بیان بەی. بەڵام کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ بەم شێوەیە نییە.

لە داهێنانێکی نوێـی کۆمپیوتەری لاپتۆ[redacted] لاپتۆپێك بەرهەم هاتووە کە وەك گلۆڵەیەکی لێدێت. سـ[redacted]کە لەوەدایە شاشەی لاپتۆپەکە دەکرێ بەو ئەندازەیەی کە کردووتەوە ئەوەندە بێت. ئەو لاپتۆپە دەکرێ وەك کاغەزێك لوولی [redacted]و بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆتی بەری.

## تیشێرتێک لە هاتنی ئیمێل ئاگادارت دەکاتەوە

گەلێك جار بەهۆی زۆربوونی کاروباری رۆژانە ناتوانین سەیری ئیندبۆکسی ئیمێلەکانمان بکەین، هەربۆیە لە هاتنی ئیمێلی نوێ ئاگادار نین. یان رەنگە بەهۆی درەنگ [redacted]وەی سندوقی پۆستەی ئیمێلەکانمان لە زۆر ئیمێلی گرنگ ئاگادار نەبین. بەڵام دوو هاوسەری داهێنەر ئەو گرفتەیان بە بەرهەمهێنانی تیشێرتێکی هۆشمەند چارەسەر کردووە.

تیشێرتەکە بە سوود وەرگرتن لە بلوتوس و هەروەها هاندێکی جۆری ئەندرۆید کە لەگەڵ ئیمێلەکەی ئێوە لە پەیوەندی دایە ئاگادارتان دەکاتەوە. هەربۆیە هەرکە ئیمێلێکی نوێتان بۆهات. گلۆپەکانی سەر تیشێرتەکە هەڵدەبن و تەنانەت ژمارەی ئەو ئیمێلانەی هاتوون نیشان دەدات.






## ئامێرێکی دیجیتالی دژی ئافرەتان

لە نێوان دوو رەگەزی نێرومێدا، ئافرەتان بۆ شاردنەوەی تەمەنی راستەقینەی خۆیان لە ریزی پێشەوەن، هەرچەندە پیاوانیش جاری وا هەیە ئەوە دەکەن، بەڵام ئافرەت حەز ناکات بە هیچ جۆرێك تەمەنی راستەقینەی خۆی دەربخات، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئارایش و جوانکاری.

داهێنەرێکی ژاپۆنی ئامێرێکی دیجیتالی هێناوەتە بەرهەم کە دەتوانێ تەمەنی ئینسان دەست نیشان بکات.

ئامێرەکە کە بە Toshibareru Mosquito ناسراوە، ئەو ئامێرە هەرکە دەنگی مرۆڤەکە ببیسێ دەزانێ تەمەنی چەندە، هەرچەندە ئامێرەکە سەدا سەد بێ هەڵە نییە، بەڵام زۆریش باشە لە دەستنیشانکردنی تەمەندا.

## مۆبایل بە فوو لێکردن کۆنترۆڵ دەکرێ



کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەم دواییانە مۆبایلێکی بەرهەم هێناوە کە بە سوود وەرگرتن لە فووکردن کۆنترۆڵی مۆبایل دەکەی، بەهۆی ئەو تەکنەلۆژییە نوێیەوە تەکنەلۆژی لەمسی دەچێتە خانەی دووەمەوە کە ئێستاکە زۆر سوودی لێوە دەبینرێ.

تەکنەلۆژییەکە کە بە Sen-sawaft ناسراوە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکی داهێنراوە بەهۆی ئەو سیستەمەوە بەکارهێنەر دەتوانێ گشت فەرمانەکانی مۆبایلەکە جێبەجێ بکا. هەروەها دەکرێ بەهۆی ئەوەوە گشت جۆرەکانی یاری بەبێ سوود وەرگرتن لە پەنجەکان ئەنجام بدەی.